# نەبەردی کرێکارانی عێراق بۆ خواستەکانیان ، سەرەتایەك بۆ گرتنەدەستی داهاتووی گۆمەلگا

**ئامادەکردنی جمال محسن**
jamal_muhsin@yahoo.com

دوای پشت ڕاستکرنەوە لە ژێر سەرکوتی خوێناوی دەیان ساڵەو بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی خنکاویاندا، کرێکارانی عێراق لە هەر فرسەتێك کە بۆیان دێتە پێش خۆیان یەکدەستو یەکگرتوو ئەکەنو داواکانیان بەسەر سەرمایەدارانێکدا، کە سوود لە وەزعیەتی فەلاکەتباری کرێکارانو بێکاری لە ڕادەبەدەریان وەرئەگرن، ئەسەپێنن. لە ماوەی چەند ڕۆژی پێشوودا کرێکارانی ڕشتە جیاجیاکان لە چەند شارێکی عێراق لە پێناو بە دەستهێنانی خواستو داوا ئینسانیەکانیاندا بۆ باشتر کردنی ژیانو هەلو مەرجی کاریان، وە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ئیدارەیەی بەزۆر بەسەریاندا فەرز ئەکرێتو ئیرادەیان ئەخاتە ژێر پێوە، دەستیان دایە چەند ناڕەزایەتیو مانگرتنیك وبەمجۆرەش دەرگای دەورەیەکی نوی لەبزوتنەوەکەیان خستەسەرپشت، دەورەیەك کە نەبردەکانی رووبەرووبوونەوە، پەلاماردان وبەدەست هینانی هاوپشتی وتا سەرکەوتن و داسەپاندنی خواستەکان دەکاتە سەرەتایەك بۆ تیوەچوونی نەبەردی لەدەستگرتنی یەکچارەکی کۆمەلگا :

**کرێکارانی ووزەو کارەبا لە ناصریە مان ئەگرن**

دوای ئەوەی ئیدارەی فەرزکراو لە ووزەو کارەبای ناصریە کە یەکێکە لە گەورەترین پرۆژەکانی ووزە، وویستیان ئەو دەرماڵەیەی کە وەزارەت بۆ کرێکارانی بڕیبووەوە بە بیانووی جیاجیاوە ببڕنو نەیدەن بە کرێکارانی بەشی چاککردن (صیانە)، کرێکاران ناڕەزایەتیەکی فراوانیان دەست پێ کرد. سەرەتا کرێکارانی ئەم بەشە دەستیان دایە مانگرتنو دواتریش کرێکارانی بەشی کارپێکردن (تشغیل) پێیانەوە پەیوەست بوونو داوای دانی دەرماڵەکەیان بەرزکردەوە. حەرەکەتی کرێکاران بەجۆرێك بەهێز بوو وە لە تەواوی شاردا دەنگی دایەوە کە ئیدارەی ناچار بەوە کرد مل بە داواکەیان بداتو بکەوێتە گفتو گۆوە لەگەڵیان. شایانی ووتنە کە کرێکاران هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە مانگرتنی سەراسەری ڕابگەیەنن گەر ئیدارە ئەو بڕە پارەیە بە تەواوی سەرف نەکات. هەروەها یەکێکی تر لە
داوای کرێکاران زیادکردنی بڕی کارەبای شارەکە بوو کە تا ئێستا کەمو کوڕی زۆریان هەیە.

کرێکارانی بیناسازی لە ناصریە لە ڕاگەیاندنێکیاندا لە بەرواری 2004/12/27 دا پشتیوانی خۆیان بۆ کرێکارانی کارەبا ڕائەگەیەنن کە لە بەشێکیدا هاتووە: ئێمە کرێکارانی بیناسازی شانازی بە ئەو دەسکەوتانەوە ئەکەین کە کرێکارانی ووزە بەدەستیان هێناوەو دەستی هاوپشتیان بۆ درێژ ئەکەین.... ئێمە یەك ڕیزینو لە پشتمانەوە بەرەیەکی فراوانی ئینساندۆستان هەیە....

**سەرکوتی خوێناوی کرێکارانی چنین لە شاری کوت**

لە کاتێکدا کە کرێکارانی پیشەسازی لۆکە لە شاری کوت کە هەزاران کرێکاری لە خۆگرتووە، داوای پێدانی دەرماڵەی مەترسی (خطورة) یان دەکرد، ئیدارەی کارگە پەنای بردە بەر هەڕەشەی دەرکردنو زیندانی کردنو کوشتنی هەڵسوڕاوانی کرێکاری.

کرێکاران داوای خەرجکردنی بڕی 12000 دیناریان ئەکرد کە زۆر کەمترە لەو مەترسیانەی لەسەر کار بەرەوڕوویان ئەبێتەوە. بەڵام ئیدارە ئەیویست ئەو بڕە لەوە کەمتریش بکاتەوە. کرێکاران داوای دەرکردنی بەڕیوەبەریان ئەکرد کە لە پشت ئەو بڕینەوە وەستابوو. هەربۆیە بەڕێوەبەریش بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارێزگاردا چەند چەکدارێکیان هێنایە سەر کرێکاران تا سەرکوتیان بکەن. چەکدارەکان کە سەربە گاردی نیشتمانی بوون هەڵیانکوتایە سەر کارگەو کەوتنە تەقەکردن لە کرێکارانی بەشی ڕستنو 4 کرێکاریان بریندار کردو 11 کەسیشیان دەستگیر کرد کە دوای تەحقیق لێکردنیان ئازادیان کردن. هاوکاتیش وەزارەتی پیشەسازی پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاران قەدەغە دەکاتو وەزیری پیشەسازی بڕیاری قەدەغەکردنی کاری نەقابەیی بە ئاشکرا ڕائەگەیەنێت. لەجیاتی دادگایی کردنی عبدالله الراوی بەڕێوەبەر، ئەیگوێزنەوە بۆ وەزارەتو لای خۆیان ئەیپارێزن.

**سەرکەوتنی گەورەی مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای پیشەسازی کیمیاویو پلاستیكو پێکهێنانی شورای خۆیان**

کرێکارانی پیشەسازی کیمیاویو پلاستیك بەرامبەر بە بەرزبوونەوەی نرخی کەلو پەلو سووتەمەنیو خۆراك کە ژیانیانی لە مەنگەنە داوە، دێنە دەنگو خواستەکانیان لەچەند خاڵێکدا ئەدەن بە ڕووی ئیدارەداو دەست بە مانگرتن ئەکەن. کرێکارانی کۆمپانیای ناوبراو لیژنەی ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی شورا دائەمەزرێننو لە لائیحەیەکدا داواکانیان بەرز ئەکەنەوە کە ئەمانەن:

1. بەرزکردنەوەی لانی کەمی کرێ پێ بەپێی ئەو بەرزبوونەوەیەی نرخی کەلو پەل ئێستا بەخۆیەوە بینیوە.
2. هەڵوەشاندنەوەی ئیزافە کاری ئیجباری.
3. دانەوەی کرێی ئەو 25 کرێکارەی کە بە هۆی سزادانەوە لێیان بڕدراوە.
4. گۆڕینی پۆستی بەڕێوەبەری هونەری کە پۆستەکەی بۆ مامەڵەی خراپ لەگەڵ کرێکاراندا بەکارهێناوە.
5. دابەشکردنی قازانجی ساڵانە بە یەکسانی.

6. خەرج کردنی دەرماڵەی مەترسی (مخصصات الخطورة).
7. قەدەغەکردنی هەر جۆرە هەڕەشەیەك دژ بە کرێکاران.
8. گێڕانەوەی کرێکار علاء سلمان هندی بۆ سەر کار.

وە دوای ملدانی ئیدارە بە هێنانەدی تەواوی داواکانیان، کرێکاران مانگرتنەکەیان کۆتایی پێ هێنا. شایانی وتنە کە کاتێك کرێکاران لائیحەی ئەو داواکارییانەیان بە ناو کارگەدا بڵاو کردەوە هەموو کرێکارەکان کۆبوونەوەو دەستیان دایە مانگرتن‌و ئیدراەش لە ڕێی (یەکێتی گشتی نەقابە کرێکارییەکان لە عێراق)، کە نەقابەی سەر بەدەوڵەتە وە نەك نوێنەرایەتی کرێکاران ناکات بگرە لە دژی ئەوان‌و داواکانیان ڕائەوەستێت، وویستی گفت‌و گۆ لەگەڵ کرێکارەکان بکات. بەڵام کرێکاران هێرشیان کردە سەر کەسانی سەر بەو نەقابە حکومی‌یەو ناچاریان کردن ئەو شوێنە جێ بهێڵن‌و لەدەست تووڕەیی کرێکاران هەڵبێن. وە لیژنەی نوێنەرایەتی خۆیان هەڵبژاردو وەفدێکیان بۆ گفت‌و گۆ ئامادەکرد. هاوڕێ لەگەل ئەم وەفدەی کرێکاراندا، سامح عاشور و فالح مكطوف وەك نوێنەرانی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاری‌یەکان ئامادەی گفت‌و گۆکە بوون لەگەڵ ئیدارەدا. لەدوای گفت‌و گۆکەو بەدوای سەرکەوتنی کرێکاران لەم ناڕەزایەتی‌یەیاندا، سەدان کەس لە کرێکارەکان پەیوەست بوون بە یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاری‌یەکانەوە. بەمجۆرە کرێکارانی پیشەسازی کیمیاوی‌و پلاستیك هەم سەرکەوتنی گەورەیان لە بەستهێنانی خواستەکانیاندا بەدەست هێناو هەم بەکردەوە یەکێتی‌و ڕێکخراوبوونی خۆیان نیشانداو شوورای کۆمپانیاکەیان پێکهێنا. لەبەرامبەر ئەم پێشڕەوی‌یە بێوێنەیەی کرێکاراندا، بە پێی بڕیارێکی ئەیاد عەلاوی هەموو کارێکی ڕێکخراوەیی‌و نەقابی قەدەغەکراوە بێجگە لە کاری (یەکێتی گشتی نەقابە کرێکاری‌یەکان). ئەم نەقابە زەردە کەوتۆتە دەرکردنی پێناس بۆ کرێکارەکان‌و بەزۆر بڕێك پارەیان لێ ئەبڕێت بە ناوی ئابوونەوە کە ئەمەش هەمان ئەو کارەیە کە ئەو نەقابەیە لەسەردەمی ڕژێمی دژی کرێکاری بەعسدا پیادەی ئەکرد. وە نەقابەی ناوبراو بە نوێنەرایەتی ئیدارە کەوتۆتە هەڕەشە لەو کرێکارانەی لە مانگرتنەکەدا بەشدارییان کردووە کە یان ئەبێ لەسەر کار دەربکرێن یان ئەبێ قەرەبووی ئەو زەرەرە بکەنەوە کە لەکاتی مانگرتنەکەدا لە کۆمپانیاکە کەوتووە کە بڕی 8 ملیۆن دیناری عێراقی‌یە!

**کرێکارانی بیناسازی لە کۆمپانیای النخبە سەرکوتنیان بەدەستهێنا**

دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای ناوبراو کە سەربە کۆمپانیایەکی ئەمریکی‌یە بۆ بیناکردنەوە بڕیاری دەرکردنی 140 کرێکاریان دا، کرێکاران دەستیان دایە دەربڕینی ناڕەزایەتی‌و بە هێزو یەکگرتووی خۆیان توانیان ئەو بڕیارە هەڵبوەشێننەوەو ژەمی خواردن لەکاتی کاردا بەسەر ئیدارەدا بسەپێنن.

**مانگرتنی کرێکارانی ( المشروبات الغازیە ) لە بەغداد**

کرێکارانی بەشی (سێڤن ئەپ) لە کارگەی (المشروبات الغازیە) لە بەغداد مانگرتنیان دەست پێ کردو تەواوی بەشەکانی بەرهەمهێنانیان لەکار ڕاگرت. کرێکاران داوای قازانجی ساڵانەو بردنە سەری ئاستی کرێکانیان کرد پێ بەپێی چوونە سەری ئاستی نرخی کەل‌وپەل کە کەمی ئاستی کرێی ئێستا بۆتە هۆی گرانی بەدەستهاتنی پێداویستی‌یە سەرەکی‌یەکان ، بەتایبەتی سووتەمەنی.

ئەم هەوالانەی بزوتنەوەی کریکاری لە نێو گەردو تۆزی داگیرکاریی ئەمریکاو شێواندن‌و تێك‌و پێکدانی بنەماکانی کۆمەڵگای عێراق‌و پێشبڕکێی تیرۆریستی هێزەکانی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی‌و فەرزکردنی حکومەت‌و ئیدارەی دژی کرێکاریدا، لە نێو کۆمەڵگایەکی نقومکراو لە بێنانی‌و بێماڤ‌و نائەمنیدا، دەنگێکی تر، دەنگی کرێکاران بۆ باش کردنی ژیان بەرز بۆتەوە. سەرباری ئەوەی کە ئەمریکاو هەموو هێزە ئیسلامی‌و قەومی‌یە بەشداربووەکانی سیناریۆی ڕەش ئەیانەوێ چارەنووسی کۆمەڵگا دیاری بکەن‌و ڕۆڵ‌و کارکردی کرێکاران‌و خەڵکی زەحەتکێش بکەن بەژێر پێوەو دەنگیان بکەن بەژێر لێوەوە، بەڵام جووڵانەوەی کرێکارانی کارەبای بەصرە لە مانگی ڕابردوودا، مانگرتنی کرێکارانی ووزەی ناصریەو ناڕەزایەتی کرێکارانی چنینی کوت‌و مەشروباتی بەغدادو کرێکارانی بیناسازی کۆمپانیای النخبە لە بەغدادو مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای کیمیاوی‌و پلاستیك‌و.....کۆنگرەی کرێکارانی بصرەو.....هتد. دەرخەری لەمەیداندا ڕاوەستانی چینی کرێکارە لە عێراق. کرێکاران خەریکی ئیرادەنوواندن‌و خۆڕێکخستن‌و یەکگرتووکردنی ڕیزەکانیان‌و لەهەر گۆشەو ناوەندێك کە فرسەتیان بۆ دێتە پێش قوڵپی ناڕەزایەتی‌یان بەسەر ئیدارەو خاوەنکاراندا هەڵئەڕێژن. بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ئەم دوایی‌یانەی کرێکاران بەگشتی بەڕووی ئیدارەیەکدایە کە بەزۆرو بەبێ وویست‌و هەڵبژاردنی خۆیان بەسەریاندا فەرزکراوەو بۆبەرزکردنەوەی ئاستی کرێ‌و بژێوی‌و بەرەسمیەتناسینی نوێنەرانی هەڵبژێردرِوای خۆیان‌و ڕێکخراوەکانی خۆیاندایە. سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتە سەپێنراوەکەی عەلاوی هێشتا کاربە یاسای (بە موەزەفکردنی کرێکاران)ی سەردەمی ڕژێمی بەعس ئەکات‌و ئینکاری بوونی چینی کرێکار ئەکات، سەرباری ئەوەی کە لە ڕێی نەقابە کارتۆنی‌و زەردەکەیانەوە ئەیانەوێ هەم ناڕەزایەتی کرێکاران ئیحتوابکەن‌و بەلاڕێیدا ببەن وە هەم سەرکوتی بکەن، بەڵام ڕاوەستانی کرێکاران لە ڕیزی سەربەخۆی خۆیان‌و خۆڕێکخستنیان لە ناو یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاری‌یەکاندا نیشانی ئەدات کە ئیرادەی کرێکاران لە مەیداندایە. وە ئەمەش ئەو ڕاستی‌یە دووپات ئەکاتەوە کە کرێکاران‌و خەڵکی زەحمەتکێش‌و دەستتەنگ کە بەشی هەرەزۆری کۆمەڵن، بەشێکی سەربەخۆن لە ئەمریکاو هێزە ئیسلامی‌و قەومی‌یە هاوپەیمانەکانی. ئەوان ئەیانەوێت ئایندەیەکی تر بنەخشێنن، ئایندەیەك کە نان‌و بژێوی‌و ئەمنیەت‌و ئازادی بۆ هەمووان تیای بەرقەرار بێت.

2005/01/11